فەرامۆشکردنی خوێنەر

سیامەند هادی
(سلێمانی)

خوێنەر مرۆڤێکە مێژووی نییەو ژیان و سایکۆلۆژیایەکی تایبەتی نییە، ئەو کەسێکە لە هاوکێشەی (نووسەر/ دەق/ خوێنەر)دا بوونی بە ئامادەبوونی دوالیزمی ئەو هاوکێشەیەوە پەیوەست بووە. ئەم نادیارییەش وێنەی (خوێنەر)ی لە شتێکی ئامادەبووی بەرجەستەوە گۆڕیوەتە سەر وێنەیەکی هەبووی نادیار. نا ئامادەبوونی چەمکی (خوێنەر) وەک پێکهاتەیەکی لەبەرچاو، ئەوەندەی تر خوێنەری بەرەو فەرامۆشکردن بردووەو زیاتر (نووسەر و دەق) بەهەند وەرگیراون. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک (دەق) بە خوڵقێنەرێکەوە گرێ دەدرێت، ئەوە (نووسەر) دەبێتە چەقی تێڕوانین و گرنگی پێدان.

لە ڕەخنەی کلاسیکیدا (خوێنەر) بە هیچ شێوەیەک جێی گرنگیدان نەبووەو لە لای ئەو شێوە ڕەخنەیە جگە لەو کەسەی کە دەنووسێ، هیچ مرۆڤێکی دی لە ئارادا نییە. گەڕانەوەی بەردەوامیش بۆ نووسەر لەو شێوە ڕەخنەیەدا، ئەوەندەی تر (دەق)ی لە (نووسەر) نزیک دەکردەوە، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا تەواوی هاوکێشەکە پێچەوانە کرایەوەو (خوێنەر) وەک چەق تەماشا کرا، ئەوەش بە هێنانە خوارەوەی پلەی (نووسەر) بە ئاکام گەیشت. بەپێی ئەو وتەزایەی کە لە دایکبوونی (خوێنەر) بە مەرگی (نووسەر)ەوە بەندە. بە بڕوای (ڕۆلان بارت) دەق لە کۆمەڵێک نووسینی جیا پێکدێ، کە لە کۆمەڵێک کولتووری جیاوە سەرچاوە دەگرن و لەگەڵ یەکدا دەکەونە دیالۆگەوەو لاسایی یەکدی دەکەنەوە. لەگەڵ یەکتردا ناکۆک دەبن، بەڵام خاڵێک هەیە کە تێیدا کۆدەبنەوە، ئەو خاڵەش وەک ئەوەی لەسەری ڕاهاتووین (نووسەر) نییە، بەڵکو (خوێنەر)ە. لە ڕەخنەی نوێدا (خوێنەر) کەسێکی بێ پرسیار و بێ بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ئەویش لە قاڵبگرتن و ڕاڤەکردنی دەقدا بەشدارە. سەرهەڵدانی چەمکی (خوێنەر) لە ڕەخنەی نوێدا گفتوگۆی زۆری لێکەوتەوەو ڕەخنەی کلاسیکی بە فەرامۆشکەری سەرەکی ئەم چەمکە تاوانبار دەکرا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بە تەنیا ئەوە ڕەخنە نییە دوای فەرامۆشکردنێکی درێژخایەن دواتر دێت ئاوڕ لە (خوێنەر) دەداتەوە، بەڵکو ئەو فەرامۆشکردنە بە پلەی یەکەم بۆ دەق دەگەڕێتەوە. کاتێک دەق هەموو شتێک بە شێوەیەکی سادەو ئاشکرا بە خوێنەر دەدات، ئەوە لە ماهیەتی خوێنەر دەهێنێتە خوارەوە. ئەو شێوە دەقانەی هەموو شتێک بە ئاشکرایی دەدرکێنن، لە دیکتاتۆرگەلێک دەچن کە قسە بۆ هاوولاتییانی خۆیان دەکەن، خۆیان پرسیار دروستدەکەن و هەر خۆشیان وەڵامی دەدەنەوە. ئەوە (دەق)ە کە خوێنەری بێ پرسیار و بێ جووڵە دروست دەکات، چونکە لە پێکهاتەو چوارچێوەی خۆیدا هیچ مەودایەک بۆ تێڕوانینی (خوێنەر) ناهێڵێتەوە. خوێنەری بیرکۆڵ و بێ پرسیار، ئەو خوێنەرانەن کە بە دوای ماناو دەلالەت و ڕاڤەی جیاوازدا ناگەڕێن، ئەویش لەو کاتەدا کە دەق لەنێو خۆیدا هەموو ئەوانەی بە ئاشکراو سادەیی خستبێتە ڕوو. ئەو فەرامۆشکردنە لە ئێستاشدا بوونی هەیەو ئاستەنگیش لەبەردەم ڕەخنەدا دروست دەکات، چونکە جگە لەوەی کە ڕەخنەگریش بۆ خۆی پێش هەموو شتێک خوێنەرە، کردنەوەی هەموو کۆدەکان و ئاشکراکردنی دەلالەت و ماناکان، ئیشی ڕەخنە بەرتەسک دەکاتەوە. لێرەشەوە دوو جۆر لە دەق دەردەکەوێت، کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز ڕۆڵێکی تایبەت دەبەخشنە خوێنەر. هەر ئەوەش بوو وای کرد (ڕۆلان بارت) ناوی (دەقی خوێنەرانە- readerly text) و (دەقی نووسەرانە- Writerly text) وەک دوو جۆر دەق لە بەرانبەر خوێنەراندا بخاتە ڕوو، کە دواتر (ئیمبرتۆ ئیکۆ) لەسەر هەردوو چەمکی (دەقی والا) و (دەقی داخراو) ئیشی لەسەرکردن.

کەواتە دەکرێت بڵێین (دەق) خۆی ئەوە دیاری دەکات کە تا چەند ڕۆڵی (خوێنەر) بە هەند وەردەگرێت و وەک هەڵسووڕاوێک لێی دەڕوانێت بۆ گەڕان بە نێو پانتاییەکانی دەقدا. ئەوەش بەو مانایە نییە کە نووسەران لە کاتی نووسیندا بەردەوام خەیاڵیان لای خوێنەر بێت و بەپێی ئاستی ئەوان بنووسن، بەڵکو چۆنیەتی مامەڵەکردن و سەلیقەی نووسەر لەگەڵ دەقدا وا دەکات کە خوێنەر جێگەی خۆی لە پێکهاتەی ئەو دەقەدا بدۆزێتەوە و بەوردی بەدووی نادیار و دەلالەتەکاندا بگەڕێت. ئەگەرنا هەموو دەقێکی داخراو، کۆمەڵێک خوێنەری بێ پرسیار و تەمەڵ دروست دەکات..